**خەجیی ساوان چیت بەسەر هات؟**

هەر کە لە دەراوی شیوەکە پەڕینەوە و ماڵ و گیشە و قەڵاغ و ویشکە کەڵەکی دەوری ئاوایی "باوەسێن" مان لێوەدەرکەوت، چاومان بە سێ چەکدار کەوت کە بە پەلە بەرەو ملانەی پشت ماڵان هەڵدەگەڕان.

ئیتر بێ ڕاوەستان دەنگیان دان و لە هەموو لایەکەوە وەبەر دەسرێژ دران، ئەوان کە زانییان ڕێگای دەربازبوونیان بەربەست کراوە، زۆری نەکێشا دوای سووکە تەقەیەک خۆیان بەدەستەوەدا.

دوو کوڕی تازەلاوی شەرمن و پیاوێکی کەڵەگەتی چوارشانەی ڕیشن، هەر کە نیزیک بوونەوە کوتی: من کەریم سەقزیم و بەرپرسی مەڵبەندم، تۆڵەی خۆتان  لە شەڕەکانی بناری سوورکێو کردەوە، بۆ ئەم دوو کەسە داواتان لێدەکەم هیچیان لێ مەپرسن، ئەوان لەگەڵ من هاتوون و تەنیا من بەرپرسم.

کوڕە گەنجەکان یا لە ترسان یان بۆ ئەوەی نەبنە سەرباری تاوان بۆ بەرپرسیان، بە جووت کوتیان: لێرەوە ئیتر کەس بەرپرسی کەس نییە.

ڕەخت و کۆڵەپشتییەکانیان پشکنین، ئەوانیش ڕێک وەک خۆمان لەڕ و لاواز و شڕ و دژوێن بوون و بابۆڵە نانی ویشکییان بە تەنیشتەوە هەڵواسیبوو.

کاک کەریم ساکێکی چووکی بەشانەوە بوو، لێیان وەرگرت، دوای پشکنین یەکێک دوورادوور بۆی هاویشت. کاک فەریدوون کە ئەمەی دیت یەکسەر ئەم کەسەی بردە دەر و زۆر بەتوندی بە گژی داچوو کە چۆن و لەبەر چی ساکەکەت نەداوە دەستی و ئەم بێڕێزییەت پێکرد.

بە کۆڵانی ئاواییدا کە زۆربەی خانووەکانی بانی بەسەرەوە نەمابوو یان بە مۆرە داندرابوون و دوای بارانەی پەڵە بەسەر یەکدا تلیسابوو، تێپەڕیم، ژنێکی پێخواس کە دەلینگی تا بەلەکی هەڵکردبوو، بەچاوی پڕ گریان و سەر و پرچی شێواو و ئاڵۆز  و پەرێشان ڕێگای لێگرتم و زریکاندی:

کاک فەرەیدوون! وەرە بەری پێت ماچ کەم، کەریم بەردەن و نابێت لەگەڵ خۆتان بیبەن.

من هەر ئەوەندەم بۆ کرا بۆ لای کاک فەرەیدوونی بەرم و خۆمی لە دەست ڕزگار کەم.

سوورێکی دیکەم بە ناو دێدا لێدا، سەر لە نوێ بەرەورووم هات و بەگریانەوە کوتی: کاک فەریدوون، بۆ هەر جێگایەک بڕۆن دەبێ منیش لەگەڵ خۆتان بەرن!

نازانم چی من و کاک فەرەیدوون لە یەک دەچوو کە ئەم ژنە هەموو جارێک بەم جۆرە لێی تێکدەچوو، بەڵام ئەوەی دیار بوو لە بەر پەرێشانی هیچ هۆش و ئاگای لە خۆی نەبوو.

ئەو شەوە لە باوەسێن ماینەوە و کاک کەریم لەو ماڵەی لێیبوو لە ژێر چاوەدێری توندا دەسبەسەر بوو، شەو دەرنگ بوو، پلیتەی چرا گرسۆزەکەیان داکێشا و تیشکەکەیان کوێرەمرە کرد، بەڵام تا بەربەیان لەبەر هاوار و گریان و هەنیسکی "خەجێی ساوان" کەس خەوی بە چاودا نەهات.

ئێوارە پێش تاوپەڕین خەریک بووین وەرێ کەوین کە دەنگی هاوار و گریان ئاهۆنی و هێمنی ئاوایی شێواند.

دوو ژنی ئاوایی لەمبەر ئەو بەر باسکیان گرتبوو، ئەویش بە دەنگێکی سێحراوی کە دەتکوت پەری لە دەمی دەماندووە و هەوایەکی بەسۆز کە هەستی هەموو ئینسانێکی دەڕووشاند و دەیهێنایە جۆش، دەیکوتەوە:

کەریم وەرە، ڕووم ڕەشکە، پرچم بتاشە و لووتم ببڕە و بە دەستی خۆت بمکووژە، وەک من تۆم تووشی ئەو ڕۆژە  ڕەشە کرد.

کەریم وەرە بمدوێنە،

ڕووی خۆتم لێ وەرمەگێڕە،

سەری من لەو جێگەیە کە کەوشەکانی تۆی لێیە.

ئەوجار دەیزریکاند: کاک فەرەیدوون گیان!

لەگەڵ خۆتان بمبەن

شیو و کوڵتان بۆ دەکەم

ئەگەر کڵفەتی ئێوە نەکەم

ئیتر من بۆ چی دەبم.

کەریم! ڕووی خۆم وەردەگێڕم،

چاوم دەنووقێنم،

کوێرایم دابێت نامهەوێ تۆ بەدیلی ببینم.

ژنێکی هاوڕێمان کە لەمێژ نەبوو شووەکەی لە شەڕ و هەرای براکاندا کوژرابوو، چیتر خۆی بۆ ڕاگیر نەکرا و بە بانگ و هاوار بۆی دەگریا.

ئیتر ئەوجار دەنگی نووسابوو، چاوەکانی سوور ببوون و ئاوسابوون، دیار بوو هیچ هێزی لەبەردا نەمابوو، ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو و هەڵکورمابوو، دەم و لێوی وەک خونچەگوڵی تازە پشکووتووی کێوی لەبەر تەزووی شەوی خاکەلێوەدا هەڵپێچابوو.

خەریک بوو بوولێڵ دەبوو کە ئاواییمان بەجێهێشت و بە شیوەکەدا شۆڕ بووینەوە، زۆر لە گوند دوور کەوتبووینەوە بەڵام زایەڵەی دەنگی "خەجێی ساوان" وەک زەنگوڵە، لەو ملە و سەریاڵ و شیو و دۆڵە دەنگی دەدایەوە.

ئەوە وێنەی ڕاستەقینەی ئەو ئەوینە شێت و هار و دینەی ئەو ژنە بوو کە تینی دابوو و باڵی فڕینی لێڕووابوو و

تەوژمی لە کەژ و کێوی دەدا.

شەو تاریک داهات بەڵام ئەو شیوە کۆتایی نەدەهات و زۆر لە جاران قوولتر و تاریکتر خۆی دەنواند. بەهار وەدرەنگی کەوتبوو و بەپەلە بوو بە هەموو لایەک ڕابگات، نەرمە باران هەڵیکرد و دڵۆپ دڵۆپ هاتەخوار و سەرلەنوێ زەوی دووگیان کرد و خووساند.

بە تیرەشانێکدا تێپەڕین، لەبەر تاریکی و شۆستەباران چاو چاوی نەدەدیت و تەنیا بەدوای دەنگی چرپەی پای یەکدا دەچووین، جارجار هەور دەیگرماند و لەبەر تروسکەی بروسکەدا کاک کەریمم دەبینی کە زۆر بەئارامی ڕێگەی دەبڕی.

کازیوەی بەیان لە بنارێک، لە کەنار پۆلە سوورە چناریک کە تازە خەریک بوو چرۆ دەرکەن بار و بنە مان خست، جگە لە چەق و لووری چەند چەقەڵ کە لەو ناوە خەریکی مڵ و مۆ بوون، دەنگێکی ترت نەدەبیست.

سەرەتای مانگی ڕەزبەر کوت و پڕ ڕێگام لە بنکە سنوورییەکانی "دۆڵی جافایەتی" کەوت، ئیوارەیەک چەند هێشوو ترێم لە پۆلە ڕەزێکی دێمی پشت ڕێ چنی و لەگەڵ خۆم بردم و لە زیندان سەردانی کاک کەریمم کرد.

ڕەنگ و ڕووی گۆڕابوو، حەسانەوەی بەئاشکرا بە ڕوخساریەوە دیار بوو، هەواڵی گیرانەوەی ناوچە شاخاوییەکانی نێوان بانە و سەقز و مەریوان بە دەست دەسەڵاتی تارانی دەپرسی. کاتی ڕۆیشتن زۆر بەگەرمی لە باوەشی گرتم و ماڵئاواییمان لەیەک کرد.

ئەوانەی سەری گەورەیان پێوە نرابوو، ئەوانەی کەوڵی شانازییان بە شانی دادرابوو، ئەوانەی گوێیان بە کەس نەدەدا و هەموو ڕێگا و بان و سنووری جیهانیان بە گەز و بست و پێوانە و ڕبەی خۆیان دەپێوا ئەوانەی لە کونی زەنگیانەوە بۆ ڕووناکی و تیرێژی ڕۆژ دەگەڕان، ئەوان ژەهری دووبەرەکییان دەرخوارد داین و باوی هەنگاویان شل کردین و هەست و هێزی بەرەنگارییان لە بێخەوە هەڵکێشا و لەبن هێنا.

چەند ساڵ دواتر کاک فەرەیدوون کەوتە داوی ڕێسرای دەولەت و گیرا، هەموو گرێی دەست و پل و قاچ و قولیان یەک لە دوای یەک شکاند، بەڵام ناوی کەسی نەدرکاند، ئەمجار کە زانییان زۆر سەری خۆیان پێوە نەهێشاند و لە ژێر دەرد و ئازارەوە کوشتیان.

کاک کەریم لە مووشەک بارانی کۆیە کوژرا و تانجی سەروەری لە سەر نا، بەڵام هەرگیز نەمزانی زریان و گەردەلوولی ژیان "خەجێی ساوان"ی بەرەو کوێ لوول دا و بۆ کام دورگەی نامۆی ڕفاند.

من دەزانم پەرەسێلکەی گیانم پێش ئەوەی فریای گەڕانەوە بۆ هێلانەکەی بکەوێت، لە پەڕ و باڵ دەکەوێت، بەڵام هەر لێرەوە، لە دلاقەی تەنگەبەر و قورمگرتووی غوربەتەوە، تارمایی نیشتمانی ئازاد و ئاوەدانم لێ دیارە.



#باوەسێن: گوندێک لە گەورکی سەقز.

##وێنە:  کەریم مەهدەوی (سەقزی). دۆستی دێرین کاک هەمزەی ئاگووشی بۆی ناردووم.